**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٦٣٧٥ لە ٢٠٢٥/٥/٢٧**

ئاماژە بەیاسای هێنانەکایەی پارێزگای هەڵەبجە ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٥ کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ دەرچووە ، بە مەرسومی کۆماری ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٥ کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی بەژمارە (٤٨٢٤) لە ٢٠٢٥/٥/٥ بڵاوکراوەتەوە و نووسراوی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقی فیدراڵ/ نووسینگەی سەرۆک ژمارە (٧٢٦) لە ٢٠٢٥/٥/٨ کە بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٠٣٩) لە ٢٠٢٥/٥/١٨ ئاڕاستەمان کراوە ، بڕیاردرابە:

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هێنانەکایەی پارێزگای (هەڵەبجە)**

**یەکەم:** هێنانەکایەی پارێزگای (**هەڵەبجە**) وەکو پارێزگای (نۆزدەیەمی) عێراقی فیدراڵ بەپێی نەخشەی ئێستای پارێزگاکە، کە پێشتر بەپێی فەرمانی هەرێمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/١٦ و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لەڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/١٣ بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٩٤) لە ٢٠١٤/٣/١٣ و فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٦٥٢٠) لە ٢٠١٤/٣/٣١ تایبەت بە هێنانەکایەی پارێزگای (هەڵەبجە) وەکو پارێزگای (چوارەمی) هەرێمی کوردستانی عێراقی فیدراڵ .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**